# ئەشنابوون بە ئەفلاتون

پۆل ستراتێرن
وەرگێڕانی لەفارسییەوە: ڕێباز مستەفا
بەشی دووەم



ڕەهەندە ناسیاسیەکانی فەلسەفەی ئەفلاتونیش چەندین سەدە، کاریگەریەکی زۆر گەورەیان لەدوای خۆجێهێشت.

ئەمە زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە فەلسەفەی ئەفلاتون، بەچاکی لەگەڵ مەسیحیەت ئاوێتە بوو، بنچینەیەکی فەلسەفی عەقڵانی تری بەمەسحیەت بەخشی، کە لە سەرەتا تەنها هەرباوەڕ بوو.

(سەرەنجام وایلێهات، کە ئیدی نکۆڵیکردن لە مەسیحیەت، بە تەنێ بەس نەبوو؛ دەبوا نادروستیەکەشی بسەلێندرێ .) بە بڕوای ئەفلاتون، ڕۆح، یان نەفسی ئادەمیزاد، لە سێ بەشی لێکجیا پێك هاتووە: بەشی عەقڵانی، لە هەوڵی ژیریی و هۆشمەندی دایە، بەشی چالاکی ڕۆح(یابەشی بوێر) لەهەوڵی باڵادەستی و بەرزتر بووندایەو مەیل و مگێزەکان، خوازیاری تێرکردنی خۆیانن. (سێ کۆڵەکەی ئەو کۆمەڵگەیەی، کە ئەفلاتون لە کۆماردا وێنایان دەکات، ڕەنگدانەوەی ئەو بەشانەیە: فەیلەسوفەکان، کەسانی ئەهلی کار یان جەنگاوەران و لومپنەکان، کە تەنها مژوڵ و سەرقاڵی کاری خۆیانن و لەبیری چێژ وەرگرتن و مگێزەکانی خۆیانن، عەقڵ، حکومەت بەسەر مرۆڤی دروستکار (بادادگەر)دا دەکات؛ بەمپێیە، هەریەك لەوسێ بەشە، ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە.

ئێمە بەبێ تێرکردنی مەیل و مگێزەکانی خۆمان، نەماندەتوانی درێژە بە ژیان بدەین بەهەمان شێوەی کە ئەگەر کرێکاران، دەستیان لەکارو تێرکردنی مەیلەکانی خۆیان بکشێنەوەو لەجیاتی ئەوە هەوڵیان دابا ببنە فەیلەسوف، شیرازەی هەموو کۆمەڵ، وردە وردە تێکدەچوو لێکهەدەوەشایەوە. پوختەی باسەکە ئەوەیە کە دروستکاری (یادادگەری)، تەنها ئەو کاتە دێتە دی، کەهەریەك لەسێ بەشی ڕۆح، بە ئەرکی دیاریکراوی خۆی هەستێ؛ هەروەك لە سێ کۆڵەکەی کۆمەڵ، ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگەدا یاری بکات.

(میوانداری) لەچاو بەرهەمەکانی تریدا، دڵگیرترین بەرهەمی ئەفلاتونە، کەتایبەتە بەباسکردن دەربارەی سیما جۆراوجۆرەکانی ئەڤین.

یۆنانیانی دێرین، لەعیشق و ئەڤینداریدا پارێزگار نەبوون و بەشێك لە هەڤپەیڤنی (میوانداری) کەتیایدا (ئالکیبیادس) ڕووداوی عەشقی هاوسێکسبازانەی خۆی بۆ سوقرات باسدەکات، وای لەو بەرهەمەکرد بەشێوەیەکی فراوان لە ریزی بەرهەمە قەدەغەکراوەکان بژمێردرێ و ببێتە یەکەمین شاکاری ئەدەبی ژێرزەمینی، لەسەردابەکانی، دێرەکانی سەدەکانی ناڤین. (تا ساڵی چاپە نوێکانی (میوانداری) بەشێوەیەکی فەرعی لە لیستی کتێبە قەدەغەکانی کڵێسای کاسۆلێك دابوو. )

ئەفلاتون (ئیرۆس-eros= خواوەندی ئەڤین لە ئەفسانەی یۆنانی)ی بە بزوێنەری ڕۆح بەلای چاکەکاری دەزانی، ئیرۆس لەنزمترین شێوەی خۆی، لە ئەڤینی ئێمەدا، بە مرۆڤێکی جوان ومەیلی ئێمە بۆمانەوە- کە لەرێی هێنانە دنیای منداڵێك لەوەوە، خۆی نیشان دەدا- دەردەکەوێ.

(هەرچەندە سەختە لەوە بگەین، کە ئەو قسەیە چۆن سەبارەت بە ئالکیبیادس، لەجێی خۆی دەبێ، چونکە سوقرات کەسێکی جوان نەبوو، هەروەها بەهیچ شێوەیەك ڕێی تێنەدەچوو، کە لەو پەیوەندیە ئەڤینداریەدا، منداڵێك بهێتە دنیا.) شێوەی بەرزتری ئەڤین، لەخۆگری هاودڵی لەگەڵ ئامانجە مەعنەویەکانی ترەوە، ئەو جۆرە ئەڤینە، سەرچاوەی چاکەی کۆمەڵایەتیە. بەرزترین شێوەی ئەڤینی ئەفلاتونی، سەرتاپا ئەڤین بۆ فەلسەفەیەو ترۆپکی ئەو ئەڤینە، وەدەسهێنانی بەدیکردنی عیرفانی ئایدیای چاکەیە.

ئەندێشەکانی ئەفلاتون لەبواری ئەڤین، کاریگەریەکی قوڵی لەدوای خۆی بەجێهێشت ئەو ئەندێشانە لە چەمك و تێگەیشتنی ئەڤینی شاهانە (یا ئەڤینی دەرباری= courtly love، شێوەیەك لە ئەڤینی ئەفلاتونی، کە سیماکەی لە بەرهەمەکانی شاعیرانی وەك(پترارك)دا بەرچاو دەکەوێ.و.ف) کە شاعیران-(تروبادۆر=Troubador، شاعیران و خوێنەرانی گەڕۆکی فەرەنسی لەسەدەکانی( ١١تا١٣زایینی.و.ف) لەسەرەتاکانی سەدەکانی ناڤیندا، زۆر خولیای بوون دەردەکەوێ، تەنانەت هەندێ لەوێناکردنی



ئەفلاتون بۆ ئیرۆس، تەرحی سەرەتایی فانتازیا سێکسیە درەوشاوەترەکانی (فرۆید) بەدیدەکەن. ئەمڕۆ کە بەرادەیەك عەیاری تێگەیشتنی ئەڤینی ئەفلاتون کەمبوەتەوە، کە ئەو چەمکە دەتوانین بڵێین دەرخەری شێوەیەکی وەلانراوی خولیاو دڵدادەیی نێوان ژنان و پیاوانە. تەنانەت تیۆری ئایدیاکانی ئەفلاتون، کە ئامانجەکەی بریتیبوو لە چوونی ئێمە بەرەو لای دەرکی عیرفانی، جوانی، حەقیقەت و چاکەکاری، لەئێستادا، بەشی هەرەزۆری شکۆی کاریگەرێتی خۆی لەدەستداوە.

رەخنەگرەکان دەڵێن کە ئەو تیۆرە تەنها ئەوە پێشبینیدەکات کە جیهان وەکو زمان کاردەکات و بۆ چەمك و زاراوە گەلی ئەبستراکت، قەڵەمڕەوێکی باشترو بالاتر بە پێویست دادەنێ.

ئەو گریمانەیە رەنگە هەڵەبێ، بەڵام ئێمە هێشتا بە تەواوی خۆمان لەدەستی دەرباز نەکردوە، ئەفلاتون دەیگوت کە جیهانی واقیعی، بەو چەشنەی ئێمە لە رێی ئەزموون و زمانەوە دەرکمان کردوەو وێنای دەکەین، نییە، جا بۆچی بەو چەشنە بێ؟ لەراستیدا دوورە کە ئاوابێ،

بەڵام چۆن دەتوانین رۆژێك لەوە بگەین؟

ئەفلاتون لەتەمەنی(٨١)ساڵیدا چاوەکانی لێکنا و لە ئەکادیمیادا بەخاك سپێردرا، هەرچەندە فەلسەفەی ئەفلاتون دوورە لەواقیع، زۆر لە تێزو گریمانەکانی ئەو، هێشتا لە تێڕوانینی ئێمە بۆ جیهان، ماونەتەوە، ئەو خەسڵەتەش کە لەناوی ئەوەوە جیابوەتەوە، هەروا دەرخەری شێوەیە کەلەئەڤین، کە رۆژ بەرۆژ دوورتر دەکەوێتەوە؛ ئەڤینێك کە رەنگدانەوەی تیۆری ئایدیاکانی ئەوەو پەیوەندی پێیانەوە هەیە، ئەکادیمیای ئەفلاتون، لە ئەسینا رۆژگاری رەونەق و شکومەندیی خۆی تەیدەکرد، تا ئەوەی کە دواجار بەدەستی ئیمپراتۆر (یوستینین)،لەساڵی(٥٢٩)ی زایینی، داخرا، یوستینین بۆ سەرتکوردنی کلتوری (شیرکئامێز)ی یۆنانیانە بە پشتیوانی مەسیحیەت، بەوکارە هەستا، ئێستا زۆر لە مێژوونوسان ، ئەو مێژوە بە نیشانەی کۆتایی هاتنی کلتوری یۆنانی رۆمی و دەستپێکی چاخی تاریکی دەزانن.

## پاشکۆ

دروست وەك ئەوەی دوای سوقرات، ئەفلاتونی خوێندکاری هاتە نێوەوە، ئەرستۆی خوێندکاری ئەفلاتونیش دوای ئەفلاتون دەرکەوت، تا بەهەرسێکیان (سێ کوچکەی رێبەری)ی فەیلەسووفانی گەورەی یۆنان تەواو بکەن، ئەرستۆ شان بەشانی ئەو پێشنیازە هزریە زۆرانەی کەتایبەت بوون بەخۆی، تێڕوانینی ئەفلاتونیشی پوختکردو پەرپێداو ختسیە بەرباری سەرنج و رەخنەو لەو رێرەوەدا، فەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆی ئافراند، بەڵام فەلسەفەی ئەفلاتون، بە شێوەی پووختەتری، لە ئەکادیمیادا، هەروا برەوی هەبوو، لەوێ بوو کە بەناوی قوتابخانەی ئەفلاتونەوە ناوبانگی دەرکرد.

لەگەڵ دەرکەوتنی ئیمپراتۆریای رۆم، ئەم قوتابخانە فەلسەفیە، هێدی هێدی پەرەی سەندو لەو رێرەوەدا زۆر لایەنی جیاجیا لە فەلسەفەی ئەفلاتون، خرانە لاوە، زۆر روونە لە ئیمپراتۆریایەکدا کە نموونەی وەك (کالیگولا) یا( نیرۆن) لە لوتکەکەیدا بوون، هەرچەشنە قسەکردنێك سەبارەت بە نموونە شارە سیاسیەکان، کارێکی بوو دوور لە عەقڵ.

ئەندێشەکانی تری (ئەفلاتون) وەك تێڕوانینەکانی لە بواری بیرکاری، بەتەواوی پشتگوێ خرا، چونکە ڕۆمیەکان، هیچ حەزو خولیایەکیان لەگەڵ بیرکارییدا نەبوو.

بە تێپەڕبوونی ساڵان، کەم کەم قوتابخانەی ئەفلاتون گۆڕانی بەسەر داهات، سەرەنجام ژمارەیەك لە وەفاردارترین خوێندرانی ئەو قوتابخانەیە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە ئەگەر چی فەلسەفەی ئەفلاتون، فەلسەفەیەکی راست و دروستە، بەڵام خودی ئەفلاتون، زۆربەی ئەوەی کەقسەی لەبارەوە دەکرد، تێنەدەگەیشت، ئەو فەیلەسوفانە گەیشتە ئەوەی کە خۆیان وتەکانی ئەفلاتون هەڵێنن و تێیانبگەن، لە ئەنجامدا هەڵێجان و شیکردنەوەیەکی نوێ لەفەلسەفەی ئەفلاتون هاتە کایە کە بەقوتابخانەی (نوێ ئەفلاتونی) ناوی دەرکرد. بەشێوەیەکی گشتی، نوێ ئەفلاتونیەکان، جەختیان لەسەر توخمە عیرفانیەکانی قوتابخانەی ئەفلاتون دەرکردەوە، ئەوەی کە ئەوان باوەڕیان پێ بوو، باوەڕبوون بە زنجیرە کاستەکانی بوون، کە لە فرەیی دەست پێدەکات و سەرەنجام بە چاکە(یان تاك)کە ئەوپەڕی سادەیە کۆتایی دێت.

بەرجەستەترین نوێنەری قوتابخانەی نوێ ئەفلاتونی، ئەفلاتین (پلۆتینوس)ی فەیلەسوفی سەدەی سێیەمی زایینە، ئەو کە لە ئەسکەندریە خوێندویەتی، قوتابی مەسیحیەکی لە ئایین و هەڵگەڕاوە بوو کەببوە پەیڕەوکاری قوتابخانەی ئەفلاتون، (بۆیە) بەشێك لە ئەندێشەکانی ئەفلاتین، کەش و هەوایەکی کەم تا زۆرێك مەسیحیانەیان هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا کە مەسیحیەت و قوتابخانەی نوێ ئەفلاتونی، لە گۆشەوکەناری ئیمپراتۆریای ڕۆمدا پەرەیان دەسەند، بەشێوەیەکی کاریگەرانە، دەستەویەخەی یەکتر بوون، بۆ ماوەیەك قوتابخانەی نوێ ئەفلاتونی، بە بەربەستێکی سەرەکی بەردەم شەپۆلی پەرەگرتنی مەسیحیەت دەژمێردرا.

بەڵام لەسەدەی چوارەم قەدیس (ئەگوستین )ی خەڵکی هیپۆ، باشترین مێشکی بیرمەندیی فەلسەفی لە سەردەمی ئەرستۆ بە دواوە لەدایکبوو، ئەگوتین لەنەمانی جەوهەری عەقڵانی لەمەسحیەتدا نیگەران بوو، خولیای قوتابخانەی نوێ ئەفلاتونی بوو، سەرەنجام ناوبراو لە پێکەوەگونجاندنی فەلسەفەی ئەفلاتین، لەگەڵ یەزدانناسی ئەرسەدوکس، یان نەریتی مەسیحی، سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەمتەرزە، مەسیحیەت بووە خاوەنی بنەمایەکی عەقڵانی مکومترو ئەندێشەگەلی گۆڕدراوی ئەفلاتون، لەگەڵ تاکە دەسەڵات و هێزێکی عەقڵیدا، کە بەکردەوە بەدیار کەوت، لەتوانای دایە لەقۆناغەکانی تاریکیدا سەرکەوتوانە بۆی دەرچێ، یەکیگرتەوە.

بەمشێوەیە، قوتابخانەی نوێ ئەفلاتون (بەشێوەی جیا جیا خۆیەوە) بوو بەبەشێك لەنەریتی مەسیحی ولەهەموو سەردەمەکاندا، ژمارەیەك بیرمەندی هێنایە ئارا، کەباشتر لەخودی ئەفلاتون لە ئەفلاتون، دەگەیشتن: ئەفلاتونیەکان، نوێ ئەفلاتونیەکان، قەدیس ئەگوستین و نموونەی وەك ئەوان، پەیڕەوکارانی قوتابخانەی ئەفلاتون، لەراستیدا تا سەدەی بیستەم، لەزانکۆ گەورەکانی ئەوروپا- بە تایبەت لە ئەڵمانیاو کیمبریج- ئەستێرەیان لەگەشتی دابوو، بەڵام لەم ڕۆژانەدا ئەو باوەڕە هەیە، کە ئەو شێوازە لەنێو چووە.

**لەنوسینەکانی ئەفلاتون**

**فەلسەفە بەسەرسامیەوە دەست پێدەکات**

(**تەئەتتوس**، ١٥٥d)

لەو بارەیەوە نواندێك هەیە، کە نیشان دەدا چۆن دەشێ سروشتی(مرۆڤانە)ی ئێمە ببێتە سروشتێکی ڕۆشبین، یا هەرلە نێوگومڕاهی دا بمێنێتەوە، ڕەوشی مرۆڤەکان وا وێنا بکە، کە لەجۆرە ئەشکەوتێکی ژێر زەمینیدا بەسەر دەبەن کە ڕێڕەوێکی درێژی کراوەی روو لە رووناکی هەیە، مرۆڤەکان لەمنداڵیەوە لەوێدا ژیاون و پێ و گەردنیان وا بەزنجیر بەستراوەتەوە، کە ناتوانن تەکان بخۆن، یان سەری خۆیان بۆلای چەپ وراست بسوڕێنن، تەنها دەتوانن رووبەڕووی خۆیان ببینن لەسەرەوەترو کەمێك دوورتر، لەپشت سەریانەوە، ئاگرێکی گڕدار داگیرساوەو؛ ڕێگایەك لەنێوان ئاگرەکەو زیندانیەکاندا هەیە، کە بەدرێژایی ڕێگایەك دیوارێك هەیە، دیوارێکی وەك ئەو پەردەیەی لە نمایشی (خێمەی شەویاری) دا

بەکاردەهێندرێ، ئەوانەی یاریچەکان دەسووڕتین- لەکاتێکدا کە یاریچەکانی خۆیان لەسەرکاردەکەدا نمایش دەکەن-( لەبەرچاوی تەماشاکەران دیارنین.

گوتی: ئەوەی باستکرد، دەتوانم وێنای بکەم.

-ئێستا بیر لەوە بکەوە کە لەپشت دیوارەکە، کەسانێك هەن هەموو جۆرە شتێك- وەك پەیکەری لەبەردودار دروستکراوی مرۆڤ و ئاژەڵ و شتگەی جۆراو جۆری دیکە- یان هەلگرتوە، کە لەسەر دیوارەکە دیارن، هەندێکیان خەریکی قسکردنن و هەندێکی تریان کڕوکپ و بێدەنگن.

گوتی: چ دیمەنێکی سەیر وێنادەکەیت و ئەمانە زیندانیگەلێگی چەند سەیرن و، ئەوانەی کە بەزنجیران بەستراون!.

گوتم: نە ئەو زیندانیانە دروست وەکو خودی ئێمەن، چونکە یەکەم، تۆ پێتوایە کە ئەو زیندانیانە، جگە لەو سێبەرانەی کە رووناکی ئاگرەکەیان لەدیوارەکەی روو بەڕوویان داوە، شتێکی تر لەخۆیان و لەیەکتری دەبینن؟

-چۆن دەتوانن لەوە زیاتر شتێکی تر ببینن، لەکاتێکدا ئەوان ناتوانن سەریان بۆچەپ و راستی خۆشیان بجولێنن .

-هەروەها لەو شتانەش کە لەدواوەی ئەوانەوە هەلگیراوە، دروست هەمان ئەو سێبەرە ناچیزە دەبینن.

-هەڵبەتە!ڵ یەکتردا قسە بکەن، ئایا بەدڵنیاییەوە ئەو کاتەی کە لەو سێبەرانەی دەیابینن، ناویان لێدەنێن، وایان بیرنەدەکردەوە کە لەراستیدا لەمەڕ شتگەلێکی راستەقینەوە قسە دەکەن؟

-بێ گومان بەو شێوەیە.

-جا ئەگەر ئەوکاتەی کەیەکێ لە رێبوارانی پشت پەردەکەوە قسە بکاو دیواری رووبەڕووی ئەوان دەنگی رێبوارەکە بداتەوە، ئەوا زیندانیەکان وادەزانن ئەو دەنگە لەو سێبەرەوە هەڵدەستێ کە لەبەرامبەری چاوی ئەواندا رادەبرێ.

گوتی: سوێند بەزیوس ئاوایە کەدەڵێی.

-بەمپێیە، لەهەر رووێکەوە، زیندانیەکان وادەزانن، کەواقیعیەت لە سێبەری ئەو شتە دروستکراوانە بترازێ شتێك نییە.

گوتی: بێگومان بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە.

**(کۆمار، کتێبی حەوتەم،٥١٤a.c )**

*کەوایە دەبێ لەو دەرنجامە بگرین، کە پەروەردە، بەوشێوەیە نییە، کە هەندێ کەس بیری لێدەکەنەوە، قسەی



ئەوان ئەوەیە کە پەروەردە، بریتیە لە ئاشناکردنی رۆحی ئادەمیزاد لەگەڵ مەعریفەتێك، کە پێشتر لە رۆحدا بوونی نەبووە؛ وەك ئەوەی بڵێی، کە چاوێکی کوێر رۆشن دەکرێتەوە.

-بەڵێ، وادەڵێن.

-بەڵام باسەکەی ئێمە، نیشاندەدا، کە قابلیەتی ناسینی حەقیقەت لە رۆحی هەموو مرۆڤەکاندا، شتێکی خۆرسکەو بارودۆخی رۆح لەوەدەسهێنانی مەعریفەت، وەکو چاوێك وایە، کە ناتوانێ لەتاریکیدا روو بکاتە لای رۆشنایی، مەگەر ئەوەی کەهەموو جەستەکە، روو لە لایە بکات، بەوشێوەیە، سەرەتا رۆح دەبوا رووی لەو جیهانەی کۆن و گەندەڵ و سێبەرەکان وەرگێڕێ، تاکو چاوەکەی بتوانی هێواش هێواش، بەرگەی رۆشنایی دروەشاوەو رووناکی حەقیقەت و درەوشاوەترین گشت راستیەکان کەناومان ناوە چاکە-بگرێ و خووی پێوە بگرێ.

**(کۆمار، کتێبی حەوتەم،٥١٨b-c).**

*خواوەند پاك وبێگەردە.

**(کۆمار، کتێبی پێنجەم،٦١١e).**

★لە بیر نەچێ هاوڕێیکردنی خەڵك، ڕێگایەكە بۆ گەیشتن بەكامەرانی؛ لەكاتێكدا خولق و خودی تاكڕەوانە، لەجێی هاوڕێیەتی، گۆشە گیری بەدواوەیە

**(نامەكان، نامەی چوارەم،٣٢١c)**

★دادگەری لە مرۆڤدا، دروست وەك دادگەری لە كۆمەڵگەیەو ئێمە نابێ ئەوە ئەوە لەبیر بكەین، كەدادگەری لەكۆمەڵگە، بەومانایە كە هەریەك لەو سێ چینەی لەكۆمەڵگەدا هەن، ئەركی دیاریكراوی خۆی ئەنجامبدا... هەر لە یەكێك لە ئێمە، تەنها ئەو كاتە دادگەرین و بە ئەركی خۆمان هەستاوین، كە هەریەك لەبەشەكانی بوونمان، دیاریكراوی خۆی ئەنجا دابێت...

**(كۆمار، كتێبی چوارەم،(لەهەندێ وەرگێڕاندا)d(٤٤)**

★كاری عەقڵ ئەوەیە، كە بە نوێنەرایەتی لەسەرجەم ڕۆح، بەسود وەرگرتن لەژیری و دوورئەندێشی، حوكمڕانی بكات؛ لەكاتێكدا كە بەشە چالاكەكەی ڕۆح، دەبێ لەچوارچێوەی ملكەچی و پشتیوانی عەقڵدا، ئەركی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ..

كاتێك ئەو دوو بەشە بۆ دەركی ئەرك ڕاستەقینەكانی خۆیان، پەروەردەو پێگەیشتن و ڕاهێنران، دەبێ بۆ ئەوە ئامادە بكرێن، كە جڵەوێ مەیل و مگێزە زۆرەكان- كە بەترتیب گەورەترین بەشی ڕۆح پێكدێنن و سروشتەكەیان بەچەشنێكە، كە تێر بوونیان بۆ نییە-بگرنە دەست، دەبێ هەمیشە گوێ بەزەنگ بن و چاوەدێری ئەو مەیل و مگێزانە بكەن، ڕێگە نەدەن ئەو مەیل و مگێزانە، وەك دەڵێن لەو خۆشیە جەستەییانەدا نقووم بن و بەوشێوەیە ئەوەندە تەنبەڵ وقەڵەو لەتێربوون نەهاتوو بین، كەجەستە ئیدی بە ئەركی دیاریكراوی خۆی هەڵنەستێ، بەڵكو لەجیاتی ئەوە هەوڵ بدات سەرلەبەری (بنچینەی)ی ژیانی مرۆڤ سەراوبن بكات و مرۆڤ بكاتە كۆیلەی خۆی.

**(كۆمار، كتێبی چوارەم،٤٢٢و٤٤١e).**

★خەونێكم بینی، لەو خەونەدا پێیانگوتم، كە (ئەستقسان)ی یەكەمین، كەهەمووشتێك- لەنێویدا من و تۆ- لەوانە دروستكراون، بەجۆرێكن، كە هیچ كەس ناتوانێ ڕوونكردنەوەیەكیان لەبارەوە بدات.

تەنها ئەوەندە دەكرێ لەخۆوە ناوێك لەهەریەك لەو(ئەستقسات) نەبنێین: ئێمە لەوە زیاتر ناتوانین شتێكی تریان بدەینە پاڵ، ئەگەر بمانەوێ تەنها قسە لەخودی ئەوانەوە بكەین، تەنانەت ناتوانین بڵێین كە ئەوان بوونیان هەیە، یان نیانە، چونكە گوتنی شتێكی ئاوا، نیشانەی ئەوەیە كەخەسڵەتی بوون، یان نەبوونمان داونەتە پاڵ..

ئێمە ناتوانین هیچ یەك لەو ئەستقساتە سەرەتاییانە پێناسە بكەین، تەنها دەتوانین ناوێكیان لێبنێین، چونكە ئەوان لەناوێك بترازێ شتێكی تریان نییە، بەڵام ئەو شتانەی كەلەو توخمانە پێكهاتوون، لەو ڕووەوە كە بەوشێوەیە پێكهاتوون، بە ئاوێتەكایێك لەناوەكان، كە وێنایەك پێكدنین، پێناسە دەكرێن: چونكە وێناكردنێك بنەمای پێناسەی ئەوانە.

**(تەئەتتوسی،٢٠٢b و (هەندێ وەرگێڕان b) ٢٠١e).**

★وایدابنێ كە كەسێك شتێك ببینێ، یان ببیسێ، یان تێبینی شتێك بكات و دواتر، بەخۆی بڵێ☹ ئەوەی من دەركی دەكەم، كەم تازۆر لەشتێكی تردەچێ، هەرچەندە كەلە ڕاستیدا هاوشێوەیەكی لاوازی ئەوشتەیە.) ئایا بەبڕوای تۆ، ئەوكەسەی كە ئەو جەستەی لادروست دەبێ، نابێ ئاشناییەكی پێشتری لەگەڵ ئەو(شتەی تر)دا هەبێ ولەراستیدا ئەو شتەی تری وەبیرهاتبێتەوە؟

-هەڵبەتە..

كەوایە ئێمە بەرلەوەی بۆ یەكەمجار شتگەلێك ببینین كە كەم و زۆر.

- نەك بەتەواوی- لەگەڵ یەكتر یەكسانن، بەمسۆگەری، دەركێكی پێشترمان لە یەكسانی هەبووە.

-دروستە.

-هەروەها لەهەمانكاتدا، ئەوە قبوڵ دەكەین، كە تەنها لە ڕێی بینین، یان دەستلێدان، یاخود لە ڕێیەكی لە هەستەكان، نەبوایە، نەدەگەیشتینە وێناو لێكدانەوەی یەكسانی و نەماندەتوانی پێڕابگەین. من ئێستا هەموو ئەم هەستانە وەكو یەك بەدیدەكەم.

-سوقرات! بۆ مەبەستەگەلێك كە لە باسەكەی ئێمەدا مایەی سەرنجە، ئەمانە گشتیان وەك یەكن.

-بە مپێیە، بە مسۆگەری لەرێی هەستەكانەوە لەو پرسە دەگەین، كە ئەوشتانەی كەم تا زۆر یەكسانن، بەتەواوی- بە مپێیە، وەك چۆن بەرلەوەی لەدایكببین و ئەو مەعریفەتەمان هەبووەو كاتێك كەهاتینە دنیا، ئەوەمانزانیوە، ئەوە بەو مانایەیە، كە ئێمە نەك تەنها لە یەكسانی و یەكسانی رێژەیی، بەڵكو لەهەموو پێوەرەكانی رەهاشدا، زانیاریمان هەبووە، هەروەها هەمان ئەو پاساوكاریەی، كە ئێمە لەبارەی یەكسانی رەها بەكارمان هێناوە، دروست بەیەكسان، بۆ جوانیی رەها، چاكەی رەها، پابەندبوونی ئەخلاقی، رەهاو پیرۆزیی رەهاو، هەروەها بە بڕوای من لەبارەی هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی كە ئێمە چەمكی(رەها) یان بۆ بەكار دەهێنین، كاربوردو كاریگەری هەیە.

ئەوە نیشان دەدات كە ئێمە بەمسۆگەری بەر لە لەدایكبوون، زانیاریمان لەو پرسە رەهایانە هەبووە.

**(فایدون،٧٣و ٧٤e (كۆتایی)و پاشكۆكەی.)**

٭دەڵێن سوقرات لەخەونیدا جووجەڵە قازێكی بینی، كە لە سەرئەژنوكانی، هەڵنیشتبوو جووجەڵە قازەكە یەكسەر پەڕوباڵی دەركردو بووە قازێكی تەواو، ئینجا بەهەموو هێزیەوە ئاوازێكی دڵنشینی هەڵداو لەشەقەی باڵابیدا، رۆژی دواتر سوقرات وەك قوتابیەك لەگەڵ ئەفلاتون ئاشنا بوو، هەر زوو بۆی دەركەوت كە ئەوە، هەمان ئەو قازەیە، كە لەخەودا بینیبووی.

**(دیوگنس لایرتیوس، ژیانی فەیلەسوفانی ناودار، كتێبی سێیەم، پێنجەم).**

**رووەكەی تری (فەلسەفەی) ئەفلاتون:**

مكومترین بنەما ئەوبنەمایە كە هەموو كەس، چ پیاو، چ ژن، پێویستە رێبەرێكیان هەبێ هەروا نابێ كەس خوو بەو خەسڵەتەو بگرێ، كە بەپێی ئارەزوی خۆی بیەوێ شتێك ئەنجام بدات چ بە جدی و چ بەگاڵتە ئەو دەبێ هەم لەكاتی شەڕو جەنگ و هەم لەكاتی ئاشتیدا رێز لە رێبەری خۆی بنێ و بەدڵ و گیان پەیرەوی لێبكات، دەبێ بەچاوی رێزەوە لێی بڕوانی و تەنانەت لە بچوكترین كاروبارەكانیدا رێنونیەكانی ئەو، بكاتە سەرمەشقی خۆی، بۆ نموونە، دەبێ تەنها لەو كاتانەی كە رێگەی پێدراوەو بۆی دانراوە، لەخەو هەستێ، بچێتە ئەملاو ئەولا، خۆی بشوات و نان بخوات... بەواتایەكی تر دەبێ خوو بەرەوتی پەروەردەو راهێنانەوە بگرێ، كە هیچ كات تەنانەت بیر لە كارێكی سەربەخۆ نەكاتەوە، دەنا بەوشێوەیە، بەتەواوی لە ئەنجامدانی ئەو چەشنە كارەدا، دەستە وەستان دەبێ.

ئاوا هەمووان ژیانی خۆیان لە چوارچێوەی هاوبەشیكردنێكی تەواودا دەبەنەسەر، هیچ یاسایەك لەوە باڵاترو گرنگتر نەبووەو نابێ، ئەمە كاریگەرترین رێگایە بۆ گەیشتن بە رزگاری و سەركەوتن لەشەڕ، هەروەها لەكاتی ئاشتی و لەیەكەمین رۆژەكانی منداڵیشدا، ئەو یاسایە دەبێ گرنگترین و باڵاترین یاسا بمێنێتەوە: پێویستبوونی فەرمانكردن بەسەر ئەوانی ترو فەرمان وەرگرتن لەوانی تر.

هەموو نیشانەكانی سەربەخۆیی، یان رۆحیەی بەربەرەكانی دەوڵەوت، دەبێ لە ژیانی مرۆڤەكاندا تەنانەت لەو گیاندارە دڕندانەش، كە لەلایەن مرۆڤەوە بەخێو دەكرێن، بەتەواوی لەنێوببرێن و ریشە كێش بكرێن .

**(یاساكان،a– f ٤٢و)**

٭ئەم قسانە بەشێوەیەكی بەربلاو جێی باس بۆ توێژینەرانی (رایشی سێیەم)و رژێمە كۆمۆنیستیەكان- لە روسیای ستالینی بگرە، تا شۆڕشی كلتوری-ئاسایی و ئاشنان. واپێدەچێ كە (زانستی سیاسەت)ی زۆدارانە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لەدوو هەزار ساڵ بەسەر قۆناغی منداڵیی شارستانیەتی ئێمە، كەمێك پێگەیشتن و كامڵبووی بەخوە بینیوە؛ دروست وەك ئەو دەروونناسیەی، كە ئەو چەشنە حكومەتانەی پێكهێناوە، قۆناغی منداڵی گەشەو گۆرانەكەشی لەولا دانێ، پێشكەوتنێكی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە.

بۆمـاوەی چـەندین سـەدە، بـواری ئـەوە نـەبوو کـە ئەفلاتون هەڵەی کردبێت، لەهەموو ئەو ماوەیـەی کە ئەو بەناوچـەی پـارێزراوی هـەوادارانی کلاسیزم و یەزدانناسان مایەوەـ تێڕوانینـی لەو چەشنە، بێمەترسی دەژمێـردران، مەگـــەر لـــەدیگای ئەوکەســـانەی نـــەبێ، کـــە دەبوونـــە بەڕێوەبەرایەنی خوێندگە، شەوانە ڕۆژیە بـزار دەکان وئـەو دیدو تێڕوانینانـەیان، کـە وەکو پرۆژەیـەك بـۆ پـەروەردەو ڕاهێنانی سەردەمی ڤکتوریا بوو، جێبەجێدەکرد.

تەنها لـەنیوە سـەدەی بیستەم بـوو کـە(کارل پۆپـەر)ی فەیلەسوفی نەمسایی، گەیشتە ئـەو ئەنجامـەی، کـە کـاتی ئەوە هاتووە مستی ئەفلاتون، وەکو فاشیستێك، بکرێتەوە.

ئەو، ئەوکارەی لەکتێبی(کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکان-open Society endIty Enmies)دا

ئەنجام دا، کەئەم وتارەی خوارەوەی لێوەرگیرا:

تاکایـەتی گرێـدراوە بـە هاورەگـەزی دۆسـتی، بووەتـە بنچـینەی شارسـتانێتی ڕۆژئاواییانـەی ئێمـە، ئـەم پرسـە ڕێنمـایی بنــەڕەتی مەســیحیەتە(کتێبــی پــیرۆز دەڵــێ( دراوسێکەی خۆت خۆش بووێ) نەك (عەشیرەتەکەت خۆش بـووێ) هـەوێنی هـەموو ڕێنوێینـە ئەخلاقیەکانـە، کـە لەشارستانێکی ئێمەدا جێیگرتووەو خوێنی نێو ڕەگی ئەو شارستانیەتیەی هێناوەتە گەڕ... ئـەفلاتون هـەقی بـوو کە ئەو ڕستەیە بەدوژمنی حکومەتی (کاست)ی خۆی بزانێ و لەهــەموو ئــەو ڕێنوێننانــەی باوەڕیــان بــەو چەشــنە لــە نـەفرەتی لـەوەی سـەرەوە بـوو... هـیچ کـەس ئەوەنـدەی ئەفلاتون دژی تاکەیەتی نەبووە.

**(پوپەر، کومەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی)**

*پۆپـەر، ئـەم کۆپلەیـەی خـوارەوە دەگوازێتـەوە، کـە تیایـدا ئـەفلاتون کۆمارەکـەی خـۆی بـە(بـالاترین شـێوازی دەوڵەت) وێنا دەکات، ئەفلاتون لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ:

ژنــان و منــدالان، هــەروەها هــەموو خزمــەتکاران و کۆیلـەکان و ئاژەڵە ماڵیـەکان، بـەدارایی هاوبەشـی کۆمەڵگە دەژمێردرێن.

بـۆ ئــەوەی کــە گشــت نیشــانە پێشــبینیکراوەکانی تاکباوەڕی، یان هەرچی بەشێکی تایبـەتی لـەژیانی ئێمـەدا، بکەوێتە بەرچاو ریشەکێش بکرێ، هەرچەشنەی ئامرازێك کە ڕەنگ بێ، خرابێتـە خزمەتـەوە، تەنانـەت ئەوشتانەیش کـەخودی سروشت بەشـتی تایبـەتی و تاکەکەسـی دروسـتی کـردوون، تـا دەکرێ، بوونەتـە دارایـی هاوبەشـی هـەمووان، هـیچ شـتێك پەیوەسـت بەکەسـەکان نامێنێتـەوە، تەنانـەت پێدەچێ کە چاو، گوێ و دەستەکانمان وادەبینن و دەبیسنی و کاردەکـەن، کــەوەك بڵێــی هــی تاکــەکان نــین، بــەڵکو پەیوەستن بەسەرجەمی کۆمەڵگەی هاوبەشەوە گشتیان لە نێــو قاڵبێکــدا داڕێــژراون، بەچەشــنێك کــەتا ئەوپــەڕی هاوشـێوەی یـەکترن ئـەوان لـە ستایشـکردن و زەمکردنـدا، یەکپارچـەو هـاوڕان؛ هـەتا هـەموویان پێکـەوە لەیەککاتـدا لەســەر یــەك شــت شــادی دەکــەن و لەشــتێك نیگــەران و خـەمناك دەبـن، هـەموو یاسـاکان، بـە ئامـانجی یەکپارچـەو یەکخستنی هاوڵاتیان تـادەکرێ، ڕێك و پێك کـراون... هـیچ پێوەرێـك لـەو پێوەرە باشتر دەست ناکـەوێ بـۆ شـێوازێکی باشتری حکومەتکردن.

**(یاساکان، ١٣٩C (و پاشماوەکەی).**

*ئەمانە تێڕوانینی سەرە ڕۆییانەی لاوێك نـین، بـەڵکو تێڕوانینگـەلێکی حسێبکراوی پیرێکی هۆشمەنـدن، کتێبـی (یاســاکان) لــە ڕێــزی دوایــین بەرهەمــەکانی ئــەفلاتون دەژمێردرێن ئـەفلاتون بە ئەگـەرێکی زۆر نزیـك لـەدڵنیایی ئەو کتێبەی کاتێك نوسیوە، کە بۆ سێیەمین و دوایین جار، لـە سـیراکوس گـەڕابووەوە، ئـەو بەرهـەم سـیماو ڕوخسـاری ئـەفلاتون لەناوەڕاست، تـا دوا حەفتـەمین دەیـەی تەمـەنی ئەو دەخاتە ڕوو.

واپێدەچێ کە زۆربەی لێکۆڵەران لەگەڵ ئەو تێڕوانینە هـاودەنگ بـن، کەلـە (یاسـاکان) دا( ئـەفلاتون بـە هـەموار کردنی، نموونە شار باوەڕی کۆمـار، بایـەخ و ئیمتیازگـەلێکی بـە ژیـانی واقیعـی بەخشـیوە.)(کاپلسـۆن) ئـەو پرسـیارە لەولاوە کە ئایا کۆمارەکەی ئەفلاتون جۆرە نموونـە شارێکە

(بەهەر رووێك و بۆ هەركەسێك كەتیایدا دەژی)یان نا، ئایا ئەمانە لەو جۆرە ئیمتیازدانانە بە ژیانی واقیعین، كە ئێمە ئارەزومەنــدین ببیــنین؟ بەداخــەوە كــە حكومــەتێكی زۆردارانەو جلەوداری كۆتفورمیزمی جەماوەری ، هەمیشە بۆ ملیۆنان كەسی بەدبەختی بێ نەوا ژیانیكی واقیعی بووە، (و ئێستاش هەروایە)، بەلاّم بۆ زۆربەی ئێمە، ئەو ئاسانكاری، یان ئیمتیازانەی كە ئارەزوومانە بیانبینین، كە لەكۆماریی ئەفلاتوندا دەدرێنە ژیانی واقیعی، جۆرێكی ترن.

(زۆر چاكە، لەبەرئەوەی كە ئێوە شایستەیی ئەوەتان نییە، كە بەگوێرەی نموونە شاری من بژین، لەجیاتی ئەوە دۆزەخی سەر رووی زەوتیان پێشكەشدەكەم.) پێدەچێ كە ئەم قسەیە، بنچینەی دیدگای ئەفلاتون بێ، هەروەك چۆن پێشتر گوتم، بەلگە گەلی دەروونناسی و مێژوویی راشكاو هەن، كەچما ئەفلاتون باوەڕی بەو جۆرە بیرو ئەندێشە سەیرو سەمەرانە هێنابوو.

بەلاّم سوودی فەلسەفە چییە، كاتێك كە یەكێك لە بەرجەستەترین كارگوزارەكانی، باوەرگەلێكی وا بەرەو پێدەداو دێنێتە پێش، كە بەشێوەیەكی ترسناك، باوەڕی هەلّەو دەمارگیرانەن؟ دەتوانرێ وا پاساوكاری بكرێ، كە فەلسەفەی ئەفلاتون، (وەكو دنیای ئەندێشەكانی ئەو) بۆ رۆژگاری ئەو زوون، با لەكاتێكدا تێڕوانینە سیاسیەكانی (هەروەك شتە وردو بچوكەكانی ئەو دنیایەی كە ئێمەی دەژین) لە خەیالّبەندێكی، راستیە تارمایی ئاساكان، زیاتر شتێك نییە، لەراستیدا كەسێك نكۆڵی لەومانایە ناكات، كە تێڕوانینە سیاسیەكانی ئەفلاتون، هەلّقولاّوی رۆژگاری خۆیانن، ئەسینا لەژێر مەترسی و هەرەشەدابوو، ئەگەر دەیویست درێژە بە ژیانی خۆی بدات، دەبوا ببێتە (ئەسپارت)ێكی تر. ( دەسالّ دوای مردنی ئەفلاتون، مەكەدۆنیەكان پەلاماری ئەسینایان دا.)

بەو پەڕی داخەوە، ئەفلاتون سیستمە خەیالّی و بێ بناغەكەی خۆی هەم بۆ سەردەمی جەنگ و هەم بۆ سەردەمی ئاشتیو بۆ سەردەمی هەرەشە، رایگەیاند، هەروەها بۆ ئەوكاتەیش كە هەرەشەیەك لەگۆڕێ نییە، بۆ رۆژگاری نالەبار، هەروەها بۆ رۆژگاری نە ئەوەندە نالەبار. (شتێك بەناوی رۆژگاری لەبار بوونی نەبوو، كە لەو سیستمەی ئەودا بوونی هەبێ.)

پانتایی ئەندێشە سیاسیە نەویستراوەكان، هەرتایبەت بە شارە بچوكەكانی ناوچەی بالّكان، پتر لەدوو هەزار سالّ بەرێ نەبوون.

ئەو ئەندیشەو هەژانە، هێشتا هەر برەو رەونەقیان هەیە، بە واتایەكی تر ئەندێشە سیاسیەكانی ئەفلاتون، بەهەمان ئەندازەی بەشەكانی تری فەلسەفەی ئەو، نەمرو پایەدارن، واپێدەچێ، كە هیچ رێگاچارەیەك بۆ ئەو گرفتە بوونی نەبێ، فەلسەفەی ئەفلاتون یەكێك لە سیما بەرجەستەو گرنگەكانی شارستانیەتی رۆژئاوا بووەو دەبێ ئەو سیستمە فەلسەفەیە، پرسیار گەلێكی دروستكردو هێنایە گۆڕێ، كە فەلسەفە تا ئێستاشی لەگەلّدا بێت، دەست و پەنجەمان لەگەلّدا نەرمدەكات، هەروەها بنچینەی بیركردنەوەی مەسیحیەتشی فەراهەمكرد، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا، تێزو تێڕوانینە كۆمەلاّیەتیەكانی ئەو، تا بلّێی ئازاردەرن.

(ئەوەی كە بلّێم لەوی رۆژگارێكدا، هەمووان ئاوا بیریان دەكردەوە، پاساوێكی دروست نییە، وانییە: ئەفلاتون لە ئەسینای لانكی دیموكراسیدا دەژیا.) ئەگەر بتوانین قسەیەكی بەكەلّك بكەین، هەر ئەوندە دەتوانین بلّێین، كە دەبێ نمرەیەكی بەرز بدەینە فەلسەفەی ئەفلاتون و كەمترین نمرەش بدەینە تێڕوانینی سیاسی ئەو.

**مێژووی رووداوە گرنگەكانی فەلسەفە**

**مێژوو زایینین**

-سەردەمی شەشەمی پێش زاین: دەسپێکی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، لەگەڵ ئەندێشەکانی (تالس ملتی).

-کۆتایی سەدەمی شەشەمی پ.ز: مردنی فیساگورس.

-٣٩٩پ.ز سوقرات لە ئەسینا حوکمی مەرگی بەسەردا دەدرێ.

-٣٨٧پ.ز: ئەفلاتون ئەکادیمیاکەی، کە بەیەکەمین زانکۆ دەژمێردرێ، لە ئەسینا دروست دەکات.

-٣٣٥ پ.ز: ئەرستۆ قوتابخانەی (لیسئوم) لە ئەسینا بنیات دەنێ، کە دەبێتە رکابەری ئەکادیمیا.

-٣٢٤ ز: سەنت ئەگوستین کتێبی (دانپێینان)ی خۆی دەنوسێ، فەلسەفە تێکەڵکێشی یەزادانناسیی مەسیحی دەبێت.

-٤١٠ ز: روخانی ئیمپراتۆریای رۆم بەدەستی (ویزگت)ەکان و سەرەتای چاخی تاریکی.

-٥٢٩ ز: داخستنی ئەکادیمیای ئەسینا، بە فەرمانی ئیمپراتۆر بوستینین، نیشانەی کۆتایی چاخی حیکمەتی یۆنانی.

-ناوەڕاستی سەدەی سێزدە: (تۆماس ئاکوێناس) شیکردنەوەی خۆی لەسەر ئەرستۆ دەنوسێ، چاخی فەلسەفەی خوێندنگەیی.

-١٤٥٣ ز: روخانی بیزانس بەدەستی تورکەکان، کۆتایی قۆناغی ئیمپراتۆریای بیزانس.

-١٤٩٢ ز: (کریستۆف کۆلۆمپ) دەگاتە ئەمریکا، چاخی نوێگەری لە شاری فلۆرانس و ژیاندنەوەی دووبارەی (تەعالیم)ەکانی یۆنانی.

-١٥٤٣ ز: (کۆپەرنیك) کتێبی (دەربارەی خولانەوەی تەنە ئاسمانیەکان ) بڵاو دەکاتەوەو لە رووی بیرکاریەوە دەسەلمێنێ، کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.

-١٦٣٣ ز: کڵێسا؛( گالیلە)ی ناچار کرد، بەفەرمی نکۆڵی لە تەوەربوونی خۆر بکات.

١٦٤١ ز: (دێکارت) کتێبی (وردەکاریەکان)ی خۆی بڵاودەکاتەوە، دەسپێکی چاخی فەلسەفەی مۆدێرن.

- ١٦٧٧ز: کتێبی (ئەخلاق)ی (سپینوزا) دوای مردنی مۆڵەتی بڵاوکردنەوە وەردەگرێ.

-١٦٨٧ ز: (نیوتن) کتێبی (بنەماکان) بڵاو دەکاتەوەو تیایدا بە پێناسەکردنی چەمکی کێشکردن هەڵدەستێ.

-١٦٨٩ ز: (جۆن لۆك) (نامەی دەربارەی دەرکی مرۆڤ) چاپ دەکا دەستپێکی چاخی فەلسەفەی رەسەنایەتی ئەزموونگەری.

-١٧١٠ ز: (برکلی) کتێبی (بنەمەکانی زانستی مرۆڤ) بڵاودەکاتەوەو رەسانەیەتی ئەزمونگەری بۆ سنور گەلێکی تازە دەکێشێ

-١٧١٦ز: مردنی (لایبنیتس) .

-١٧٣٩-٤٠ ز: (هیوم) (نامەی لە سروشتی مرۆڤ )دا بڵاودەکاتەوەو رەسەنایەتی ئەزمونگەری تا سنورە لۆژیکیەکەی دەباتە پێشەوە.

-١٧٨١ ز: (کانت) کە بەیارمەتی هیوم لە(خەوی جەزمی خۆی هەستاوەتەوە) و کتێبی (رەخنەی —عەقڵی پەتی) بڵاودەکاتەوە، چاخی شکۆداری میتافیزیکی ئەڵمانی دەست پێدەکات.

-١٨٠٧ ز: (هیگڵ) کتێبی (دیاردە ناسی زەهن) بڵاودەکاتەوە، کە خاڵی کرۆپکی میتافیزیکی ئەڵمانیە.

-١٨١٨ ز: (شوپنهاوەر) کتێبی (جیهان وەکو ئیرادەو تێڕوانینەوەی) بڵاودەکاتەوەو فەلسەفەی هیند لە میتافیزیکی ئەڵمانیدا دەخاتەروو.

-١٨٨٩ ز:( نیچە) بەراگەیاندنی ئەوەی کە(خوامردوە) لە شاری تورینۆ، دووچاری شێتی دەبێ.

-١٩٢١ز: (ویتگنشاین) (نامەی لۆژیکی- فەلسەفی)ی خۆی بڵاودەکاتەوەو بانگەشەی ئەوە بۆ خۆی دەکات، کە گەیشتۆتە دوا رێگاچارەی فەلسەفیەکان.

-دەیەی١٩٢٠ز : حەلقەی ڤیەننا، پۆزتیفیزمی لۆژیکی برەو پێدرا.

-١٩٢٧ز: (هایدگەر) کتێبی (بوون و کات) بەچاپ دەگەیەنێ، کەباس لەجودایی نێوان فەلسەفەی شیکاری و فەلسەفەی ئەوروپای خۆرسك دەکات.

-١٩٤٣ز:( سارتەر) بە بلاوكردنەوەی كتێبی (بوون و نەبوون) ئەندێشەكانی هایدگەر تەواو دەكات و فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم دەخاتە روو.

-١٩٥٣ ز: بلاوكردنەوەی كتێبی (ليكۆڵينەكانی فەلسەفی)ی ويتگنشتاين و دوای مردنی ئەو، لوتكەی چاخی توێكاری زمان.

## ساڵنامەی ژیانی ئەفلاتون

-نزیكەی ٤٢٨ی پێش زایین: لەدایكبوونی ئەفلاتون لە دوورگەی (ئەگینا) (يان ئەسينا) .

-٣٩٩ پ.ز ئەفلاتون دوای مردنی سوقرات لە ئەسینا رادەكاو بۆ باكووری ئەفریقا، سەفەر دەكات بۆ خۆرهەلاتی ناڤین و ئیتاڵیا

-نزیكەی ٣٨٨پ.ز: دەچێتە دەرباری (دیونوسیوس)ی یەكەم، فەرمانڕەوای سیراكوس لە سیسیل.

-نزیكەی ٣٨٧ پ.ز ئەكادیمیا لە ئەسینا بنیاتدەنێ.

-٣٦٧ پ.ز دەگەڕێتەوە سیراكوس تا واتە، بە( دیونوسیوس)ی دووەم بلێ، بەلام هەر زوو لەوێ رادەكات.

-٣٦٠-٣٦١ پ.ز جارێكی تر دەگەڕێتەوە دەرباری سیراكۆس.

-نزیكەی٣٤٧پ.ز مردنی ئەفلاتون لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا.

-٥٢٩ زایینی: داخستنی ئەكادیمیا بەدەستی ئیمپراتۆر (بوستینین)و دەسپێكی چاخی تاریكی.

## ساڵنامەی سەدەی ئەفلاتون

-٣٤٨پ.ز(پەرستگای پارتنون لە ئەسینا دروستدەكرێ.

-٤٣١ پ.ز: كۆمەڵەی پیاوانی ئازادی ریش سپی ئەسینا بە (٤٢) هەزار كەس مەزەندە دەكرێ. (كۆمەڵەی كۆیلەكان رەنگە دوو بەرامبەری ئەو ژمارەیە بووبێت.)

-٤٣٠ پ.ز مردنی (فیدیاس)، پەیكەرسازو بیناسازی پارتنون.

-٤٢٩ پ.ز مردنی (پریكلوس)، فەرمانڕەوای ئەسینا لە چاخی زێڕینی ئەسینا.

-٤١٣-٤١٥ پ.ز: لەشكركێشی ئەسینا بۆ گرتنی سیسیل، كە شكستی لێدەكەوێتەوە

-٤٠٨ پ.ز: (ئورپيید) ئەسینا بەجێدێڵێ.

-٤٠٤ پ.ز شەڕەكانی پلەپونزی بەسەركەوتنی ئەسپارت بەسەر ئەسینا كۆتاییان دێ، حكومەتی ئولیگارشی بەسەر ئەسینادا زاڵ دەبێ و بەدوای خۆیدا ترس و تۆقاندن دەچێنێ.

-٣٩٩پ.ز لەدایكبوونی ئەرستۆ.

-٣٨٠پ.ز مردنی (ئەرستۆ فانس) نوسەری نمایشنامە كۆمێدیەكان.

-٣٦٧پ.ز مردنی( دیونوسیوسی)ی یەكەم، فرمانڕەوای بیراكوس لە سیسیل، كوڕەكەی واتە(دیونوسیوس) ی دووەم، لە جێی ئەو لەسەرتەختی فەرمانڕەوایەتی دادەنێشێ.

-٣٥٣ پ.ز شا(مادسولوس)(ساتراپی ئێرانی، فەرمانڕەوای كاریا) لە ئاسیای بچوك دەمری و لە(ماوسولیون) بەخاك دەسپێردرێ، ئەو شوێنە دەبێتە یەكێ لە حەوت شتە سەیرەكانی جیهانی كۆنینە.

سەرچاوە:

كتێبی اشنایی با افلاطون

نوشتە: پل استراترن

ترجمە فارسی: مسعود علیا